## بۆ / نوێنەرایەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە سلێمانی

### بابەت / یاداشتنامە

بەرێزان سەرەتا سلاْوێکی گەرمتان ئاراستە دەکەین وە هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین بۆخزمەت کردنی گەلەکەمان و داکۆکی کردن لە مافەکانی .وە بەپێویستمان زانی بە بۆنەی یادی (15) ساڵەی کیمیا بارانی هەڵەبجەوە کە 2003/3/16 پانزە ساڵ بە سەریدا تێئەپەرێ و یادتان بخەینەوە کە لە سەدەی بیستدا گەورەترین تاوان ئەنجامدرا ئەویش تاوانی کیمیا بارانی هەڵەبجە بوو کە لە لایەن دەسەلاْتدارانی حکومەتی رەفتار فاشستی بەغدا رویداو ,بووە هۆی کوشتنی پێنج هەزار هاولاْتی مەدەنی بێدەسەلاْت,وە بریندار‌بوونی زیاتر لە دە هەزار کەس و بێسەروشوێن بوونی هەزارەهای تر کە تا ئێستا چارەنووسیان دیار نییە .بۆیە لەم یادە گەورەیەدا داوا لە بەرێزتان دەکەین کە زووتر هەوڵی لە ناوبردنی ئەم رژێمە خوێنمژە بدەن,چونکە مێژوو شاهیدی دوێنێ و ئەمرۆیەتی لە پەرەپێدان بە چەکی کۆکوژی و کاری تیرۆریستی , بۆ ئەوەی جارێکی دی هەڵەبجەیەکی تر دووبارە نە بێتەوە,وە هەوڵی دامەزراندنی سیستەمێکی دیموکراسی و فیدراڵی بدرێت لە عێراقدا تا هەموو گەلان و کەمە نەتەوایەتییکان بە ئازادی بژین.

بۆیە بە ناوی کۆمەڵەی ژیانەوەی هەڵەبجە ودانیشتوانی شاری هەڵەبجە وە داوا ئەکەین:

1- داواکارین بە زووترین کات دادگایەکی نێودەوڵەتی دابمەزرێت,بۆدادگاییکردنی تاوانبارانی شەری کیمیاباران و ئەنفال لە عێراقدا .وە بە زووترین کات جێبەجی کەرانی بە سزای خۆیان بگەیە نرێن .
2- قەرەبوو کردنەوەی زیانی گیانی و مادیەکانی قوربانیانی کیمیاوی هەڵەبجە و ناوچەکانی تری کوردستان لە لایەن ئەو کۆمپانیایانەوە کە هاوکاری رژێمی صەدامیان کردووە بۆدروست کردنی ئەو چەکانە .
3- دیاری کردنی رێژەیەکی گونجاو لە پارەی تەرخانکراوی بریاری(986)بۆ ئاوەدان کردنەوەی هەڵەبجە و ناوچەکە .
4- گێرانەوەی منداڵە ونبوەکان لە ئێران و ولاْتانی تری جیهان بۆئامێزی کەسوکاریان .
5- پاککردنەوەی ناوچەی هەڵەبجەو ناوچەکانی تری کوردستان لە مین و پاککردنەوەی لە ئاسەواری کیمیاوی .

لەگەڵ ئەوپەری رێزدا

**کۆمەڵەی ژیانەوەی هەڵەبجە**
**2003/3/16**